# هەواڵ هەواڵ

## ژنێک دەسوتێ

بەهۆی کێشەیکی خێزانی ئافرەتێک بەناوی (ئ-م)کە خەڵکی گوندی وەرتێ( بناری کارۆخ)ە،خۆی دەسوتێنێ ،کەس وکاری ناوبراو بە هۆی ئەوەی کە خۆی سوتاندوە رقی لێ هەڵدەگرن وبۆنەخۆشخانەی نابەن ئەویش بە هۆی سەختی برینەکەی دوای یەک رۆژ گیانی لەدەست دەدات.

## گەنجێک دەخنکێت

ئێوارەی رۆژی ٢٥-٦-٢٠٠٧ لەرووباری سیروان گەنجێکی تەمەن ٢٠ساڵ بەناوی (ر،ج) دەخنکێت، خزمێکی نزیک خنکاوەکە پێی راگەیاندین کە بەمەبەستی ئیش کردن لە چێشتخانەی نزیک رووبارەکە بۆ کارکردن دەرۆیشت. دواتر لەگەڵ چەند هاورییەکی دا، بەمەبەستی شۆردنی سەیارە دەچنە سەر رووباری سیروان و ناوبراو قاچی هەڵدەخلیسکێ ودەکەوێتە نێو رووبارەکە دوای ٢٠خولەک گیانی لەدەست ئەدات.

## ماردوپشک ٧ کەس دەکوژێ

لەماوەی حەوت رۆژی رابردوو حەوت وڵاتی بەهۆی پێوەدانی مارو دووپشک گیانیان لەدەست داوە، بەگوێرەی سەرچاوەی هەوڵەکە یەکێکیان منداڵێکی تەمەن ١٦ساڵە بەناوی (ش.ر).خەڵکی قرناغەی بناری قەندیلە. یەکێکی دیکە یش بەناوی (ح.ع). لەکاتی ئیشکردن بەتەراکتۆرمارێکی دوومەتری کوشتووە

## دوو وڵاتی دەرفێندرێن

کات ژمێر ٢١-١٠خولەکی شەوی ٢٨-٦- ٢٠٠٧ لەکاتی تێپەربوونی دوو هاوڵاتی کوردی دانیشتوی قەرەتەپە لەنێوان قەرەتەپە-کفری، لەلایەن تیرۆریستانەوە دەرفێنرێن ئەودوو وڵاتیە کوردە کەدانیشتووی گەرەکی کۆماری دوزخورماتوون بەخۆی وئۆتۆمبیلەکەی بێ سەروشوێن دەبێ و تاکو ئێستا شوێنەواری دیارنیە.

## دوو قاچاخچی دەکوژرێن

رۆژی٢٢-٦- ٢٠٠٧ دووقاچاقچی مەشروب بە ناوەکانی (ح-ق)و(ن)کە خەڵکی گوندەکانی سنوریی عێراقن لە لایەن سوپای ئێران تەقەیان لێ دەکرێت و لەئەنجامدا هەردووکیان دکوژرێن.

## دوو وڵاتی گیان لەدەست دەدەن

رۆژی ٢٧-٦-٢٠٠٧ وڵاتی حەسەن عەلی و خێزانە کەی بەناوی یوسرا حامید عەلی لە سەر رێگەی بازیان بە ئۆتومبیلەکەیان تووشی کارەساتی پێکداداان دێن، کەلە ئەنجامدا دوای چەند رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانەی سلێمانی گیان لەدەست دەدەن و تەرمەکانیان بەرەو بەغدا بەرێ دەکرێتەوە، شایەنی باسە کە ئەو دوو وڵاتیە خەڵکی شاری بەغدان.

## وڵاتیەک خۆی دەخنکێنێ

وڵاتی (مێڤان حەسەن) کە کوری ئەنفالکراوێکەو بەهۆی فەقیری و هەژاریەوە بەرەوە وڵاتی سوید رۆیشتووە، دوای ئەوەی چەندین جار لەلایەن ئەو وڵاتەوە مافی پەنابەری رەتدەکرێتەوە، لە نارەحەتی و بێ ئومێدی خۆیدا خۆی دەخنکێنێ جێگەی باسە کاتژمێر ٢٢:٢٠ خولەکی شەوی٢٩-٦-٢٠٠٧ تەرمەکەی دەگەرێتەوە بۆ شاری هەولێرو وەلەکات ژمێر ٤:٣٠ خولەکی سەرلەبەیانی رۆژی ٣٠-٦-٢٠٠٧ تەرمەکەی گەیشتە ناحیەی باتوفەی سەربەقەزای زاخۆ، وەلەگۆرستانی باتوفە نێژرا.

## دوو کەس بریندار دەکرێن

بەگوێرەی سەرچاوەیکی هەواڵ: بەهۆی شەرو ئاژاوە لەنێوان دوو خێزاندا رۆژی ٢٨-٦-٢٠٠٧ لە شارۆچکەی رواندوز، لەسەر کێشەی ژن خواستن دەبێتە شەریان و لەئەنجامی ئەو شەرە دا دوو کەس لە بنەماڵەی (ع،ر) بەسەختی بریندار دەبن و کێشەکەیان دەچێتە دادگە.

## کچێک دەسوتێ

رۆژی ٢٩-٦-٢٠٠٧ لە شەقڵاوە کچێک بەناوی (ز.ع) لەئەنجامی ئەوەی، کەماڵەوە رێگری بوون و نەیاهێشتووە بەئاواتی خۆی بگات و شوو بەخۆشەویستەکەی بکات، ئەویش لەداخی بێ بەزیی باوکی براکانی هیوا بر دەبێت و بەناچاری لە گەرماوی ماڵەکەیاندا یەک دەبە بەزین دەکات بەخۆیدا خۆی دەسوتێنی، شایانی باسە کە ئەم کچە ماوەی چوارساڵە پەیوەندی خۆشەویستی لە گەڵ کورێکدا هەبووە، بەڵام ماڵەوە رێگری بوون و ئەویش. بەبێ ئاوات سەری نایەوەو خۆی کردە قوربانی.

## خاوەنی کۆمپانیای کورد فیلم رادەکات

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ: کە (ک.م) خاوەن کۆمپانیای کوردفیلم کەخەڵکی گوندێکی شاری رەبەتی رۆژهەڵاتی کوردستانە ،ماوەی چوار مانگە کۆمپانیای ناوبراوی لەگەل هاوکارێکی خۆی بەناوی (جەمال پور)کەخۆی وخێزانەکەی کارمەندی کەناڵی تەلەفزیۆنی (p.u.k)ین لەرانیەو ئێرانین، خەڵکی ئەوناوچەیان فریوداوەو بڕی ٦٠ تا ٧٠هەزار دۆلاریان کۆکردوەتەوە لەرۆژی ٢١-٦-٢٠٠٧خۆیان ون کردوە بۆپەبەدواداچونی ئەم کارە پەیوەندیان بەحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە کردوە بەڵام ئەوان بێ ئاگایی خۆیان لەوبابەتە دەر بریوەجێگەی باسە کەناوبراو ماوەی ١٥ساڵە نیشتەجێی شاری رانیەیە.

## دووکچ پەنا دەبەنە بەر شێوازێکی نوێ بۆ دزی کردن

رۆژی٢٣ -٦-٢٠٠٧ دووکچ بەناوەکانی (ل .ش) و(ن .ش) کەدانیشتووی گەرەکی سەران لە رانیە، بەفروفێل دەچنە ماڵی سێ دراوسێی خۆیان بۆ وێنە گرتن، لەهەمان کات دا داوای زێرەکانی ئەوماڵەدەکەن تاکو بۆوێنە گرتن بەئەمانەت بیدەن پیان ،بەڵام دوای دوو رۆژ ،دراوسێکانیان لییان بە گومان دەبن و داوای زێرەکانیان دەکەن ،کچەکانیش دەڵێن کە لەبازار ونمان کردووە ،بەڵام دوای زەخت ودەمەقاڵێ دراوسێکانیان ،دایکی کچەکان دێت و دەستی ئەوان ماچ دەکات تاکو باوکی کچەکان نەزانێت وخۆی بۆیان دەکرێتەوە .جێگەی باسە بری یەک مسقاڵ لەو زێرە هی هەواڵ نێری ئەم هەواڵە بووە.

## باندێکی لەش فرۆشی دەستگیر دەکرێ

کاتژمێر ١،٣٠ خولەکی شەوی ٢٧-٦-٢٠٠٧لەگەرەکی سەیداوای رانیە باندێکی لەش فرۆشی کە لەدوکەس پێک هاتبوو دەستگیردەکرێن، دوای لێکۆڵینەوە لەگەڵیان دەردەکەوێت کە ئەمانە هەشت کەسن .لەکاتژمێر٩. ٣٠خولەکی سەرلەبەیانی ٢٧-٦-٢٠٠٧ شەشکەسی تر دەستگیردەکرێن کە پێنجیان عەرەبن و سێکەی تریش کوردن کەرەوانەی دادگای رانیەکراون بۆلێکۆڵینەوە .شایانی باسە گیراوەکان هەر هەموویان ئافرەتن.

## هەشت بڕوانامەی ساختە ئاشکرا دەکرێ

بە گوێرەی سەرچاوەی هەواڵ: سێ بڕوانامەی ساختەی مامۆستایی ناوەندی وپێنج بروانامەی فەرنانبەری پەوەردە، کە کاتی خۆی ئەم فەرمانبەرانە بەبروانامەی ئامادەی و ناوەندی دامەزرابوون ،لەلایەن بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی رانیەوە ئاشکرادەکرێ. سەبارەت بە چۆنیەتی ئاشکرابوونی بڕوانامەکان وتی: کە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ناوبراو داواکراوە تائەوهەشت کەسەبەڵگە نامەی ئەسلی بڕوانامەکەیان بهێنن بۆ بەرێوبەرایەتی ناوبراو بەڵام ئەوان نەیان توانیوە کە ئامادەی بکەن،بەم جۆرە ساختەکاریەکەیان ئاشکرا دەبێت، دوای ئەم بریارە دۆسیەی ئەو هەشت کەسە رەوانەی دادگە دەکرێت بۆ وەرگرتنی سزای یاسایی. جێگەی باسە کە بەرێوبەرانی پەروەردەی رانیە ئەمە دەگەرێننەوە بۆ شەرو کێشەو گرفتەکانی ناوخۆ، کەئەو دەرفەتەیان بۆ رەخساوە.

## مامۆستایانی کەلار (٣٥٠٠٠) هەزاریان پێدەدرێت

ئەومامۆستایانەی کە بەمەبەستی کۆنترۆڵ لەشاری هەولێروسلێمانی بەشداریان کردبوو بری ٣٥٠٠٠هەزار چاپی نوێیان بۆ خەرج دەکرێت بۆ هەر شەو و رۆژێکیان، ئەمە لەکاتێکدایە کە مامۆستاکانی تری کوردستان بری ٦٥٠٠٠هەزاریان بۆخەرج کراوە. مامۆستا(ر-م)کەیەکێک بوو لەو بەشداربووانە کەبەمەبەستی کۆنترۆڵ لەشاری هەولێر بەشداری کردبوو وتی؛ ئێمە ژمارەمان زیاترلە ٤٠مامۆستای ناوەندی ودواناوەندی شاری کەلار بوو کەلەم کارە بەشداریمان کردوە، بری ٣٥٠٠٠ هەزارمان بۆخەرج دەکرێت بۆچی جیاوازیمان دەخەنە نێوان. لەم بارەوە بەرپرسی ژمێریاری پەروەردەی گشتی کەلار وتی ؛ئێمە پێمان وتن کە فەرمانی خەرج کردنی ئەو برە پارەیە بێنن تاکو ئێمەش بۆیان خەرج بکەین.

## چای کۆن دەدرێت بە وڵاتیانی شاری کەلار

وڵاتیانی شاری کەلار نیگەرانن لەو بەشە چاییەی کەدەدرێت پیان لەلایەن وەکێڵەکانیانەوەکە بۆ خواردن بەکار ناهێنرێت لەم بارەوە لێپرسراوی بەشی خۆراکی کەلار پی راگەیاندین کە ئەو چایە کەدێت بۆهاوڵاتیان زۆرخراپە ،ئێمەشبەم مەبەستە سەردانی سلێمانیمان کردوە و چوینەتە لای بەرپرسی کۆ مپانیای خۆراک و پێ مان راگەیاندوە کە ئەو چایە زۆرخراپە بە کاری خواردن نایەت هەروها وتیشی کە سەردانی وەزارەتی بازرگانیمان کردوەو ئەوانیشمان ئاگەدار کردوەتەوە ،هەروەها رایگەیاند کە پێدەچێت لەبەر مانەوەی چایەکە لە مەخزنەکان خراپ بووبێت..

## (٣٥٠) پۆلیس دەنێردرێنە خانەقین

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی هەواڵ: زیاتر لە ٣٥٠پۆلیسی سنوری بەرێوبەرایەتی پۆلیسی گەرمیان رەوانەی ناوچەکانی خانەقین ومەندەلی وجەلەولا دەکرێت بەمەبەستی راوودونانی تیرۆریستان. لەم بارەیەو سەرچاوەیکی ئاگادار پێی راگەیاندین لەوانەیە لەکاتی رۆشتنی ئەم هێزە بۆئەو ناوچەیە هاوکات بێت لەگەڵ باشبوونی بارودۆخی ناوچەکە و پاکبوونەوەی لە تیرۆریستان، بۆ بەرگری کردن لە هاوڵاتیانی بێ تاوان، کەچەندین جارە بەرهێرشی تیرۆرستان دەکەون، خەڵکی ئەو ناوچەیان هەراسان کردبوو.

## خاڵ و خوشکەزایەک دەستگیر دەکرێن

سەرچاوەیەکی هەواڵ پێی راگەیاندین کە ماوەیەک لەمەوبەر گەنجێکی تەمەن ٢٨ ساڵ بەناوی(م.س) کەنیشتەجێی دقەری راپەرینە، لەگەڵ کچە خوشکێکی کە تەمەنی ١٧ساڵە دۆسایەتی دەبەستێ و بەنیازی بەیەک گەیشتن بەرەو گوندی سەر سنور دەرۆن.بەڵام دوای ئاگادار بوونەوەی بنەماڵەکەیان، ئاگاداری ئاسایش دەکەن و بەزووترین کات دەستگیر دەکرێن ،دوای دەستگیر کردنیان لەلایەن ئاسایشی دە قەرەکە کورەکە دەبەن بۆ بەندینخانەو کچەکەش رادەستی بنە ماڵەکەیان دەکەن ،دوای دوو رۆژ کورەکە ئازاد دەکەن. بەگوێرەی سەرچاوەیکی نزیک لەباوکی کچەکە دەیەوێت کچەکەی بدات بە شوو بەکەسێکی دیکە تاکو ئەم کێشەیە کۆتایی پێ بێت.

## کەلار: ماڵێک دەبردرێ

رۆژی چوارشەمە ٢٧-٦-٢٠٠٧ چەند دزێک دەچنە سەرماڵی(ش،ح) کەبەرەگەز عەرەبەو دانیشتوی گەرەکی کەلاری کۆنە، وەک خۆی ئاماژەی پێدەکات، کات تژمێر٢ی شەوی چوارشەمە ،بەخەبەرهاتووم و سەیرم کرد ئاوبەدەم وچاومان دێنە خوارەوە وەکو گێژمان لێهاتووە، دوای زانیم کە لەلایەن چەند کەسێکەوە دزیمان لێکراوە، لەئەنجامی دزیەکە کەلێمان کراوە بری یەک ملیوێن دیناری چاپی نوێ، گوارەی گوێ کچەکەم کە لەنێوجانتاکەی دای نابوو لەگەڵ سێ موبایلدا ،هەروەها وتی؛ کە دوای پشکنین بۆمان دەرکەوت کە بەمادەی بێهۆشکەر بێهۆشیان کردوین و دزیمان لێکراوە.

## ئاگرکەوتنەوە ماڵی کۆمەڵێک جوتیار وێران دەکا

لەبەرواری ٢٥-٦- ٢٠٠٧لەناوچەی هەمەوەند و بەتایبەتی لەدەوروبەری گوندی (دارتوو) بەهۆی کەم تەرخەمیەوە ئاگردەکەویتەوە و پەرێزێکی زۆردەسوتێت ،شایەنی باسە کەشوانێک ئاگرە کە دەکاتەوە، بەهۆی وشکی پەرێزەکەوە خێرا ئاگردەگرێت وبۆی کۆنترۆل ناکرێت وتوانای کوژاندنەوەی نامێنیت و دواتربەهۆی ئەوئاگرەوە تەراکتۆرێک وچەند سەر ئاژەڵیش دەبنە قوربانی، هەتا خەڵک فریادەکەون روبەرێکی فراوان لەپاوەن ودەغلودانی خەڵک دەسوتێت.

## هەڵەبجەییەکان نارەزایی دەردەبڕن

بەبۆنەی بریاری لە سێدارەدانی عەلی کیمیایی لە هەرێمی کوردستان، خەڵکی شاری هەڵەبجە نارەزایی دەردەبرن، دەڵێن کە لەپرۆسەی دادگایی کردنی تاوانباری ناوبراو، باس لە کیمیابارانی هەڵەبجە نەکراوەو پرۆسەی هەڵەبجە روبەروی عەلی کیمیایی نەبوەتەوە. بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵەکە خەڵکی شاری هەڵەبجە ئامادە نەبوون بۆ کەناڵەکانی راگەیاندن بدوێن و خۆشحاڵی خۆیان لەم بڕیارە دەربڕن.

# هەواڵی سەیر

* رۆژی ٢٤-٦- ٢٠٠٧لە گەرەکی شۆریجەی کەرکوک گەنجێک بەناوی(ب-ت)لەئەنجامی خراپ لێخورینی ئۆتومبیلەکەی خۆی دەکات بە ماڵێکدا دیواری ماڵەکە دەروخێنی وقاچی منداڵێک دەشکێنی. لە ئەنجامدا لەگەڵ خاوەن ماڵەکە دەبێتە شەریان، خاوەن ماڵەکە داوا دەکات کە کێشەکە ببەنە لای پۆلیس،ئەویش دەڵێ کە خەتای خۆتانە کەئەم (تاسە) گەورەتان دروست کردووە بۆیە منیش ئاوام بەسەر هات ودەڵێ من داوادەکەم کە سەیارەکەم بۆ چاک بکەنەوە.

* لەهەفتەی رابردوو پاسەوانێکی لێپرسراوێکی گەورە لە گەرەکی رەحیماوای شاری کەرکوک لەگەل ماڵێک دەبێتە دەنگە دەنگیان لەسەر ئەوەی ئەمانە رۆژی چەن جارێ بەتیژی بەکۆڵانەکەدا تێپەردەبن. دواتر یەکێک لەپاسەوانەکان ژنی ماڵەکە، کەدایکی دووشەهیدە دەداتە بەر قۆناغە تفەنگ ودەرۆن، پاشان کەس وکاری ئەو ژنە کەدایکی دووشەهیدە دەرۆن بۆلای لێپرسراوی گەورە وهەرەشەی لێدەکەن کەئەمانە بە پشتیوانی تۆوکورەکەت ئەم کارەیان کردووە وئێمەش رازی نابین ،ئەویش دەڵێ من ئاگام لێ نیەو ناتوانم کەفیلی کورەکەیشم بکەم، ئەوانیش بە تانەوە دەڵێن چ باوکێکی بێدەسەڵات ،پۆلیسی ئەم وڵاتەیە.

* لە مانگی حوزەیران پارێزگاری کەرکوک گەرەکی ئاوارەکانی گەرەکی رەحیماوا بەسەر دەکاتەوە لەوێ ریزێک دوکان و چەند خانوێکی خۆش دەبینێ و دەڵێ: ئەوە هی کێیە؟ ئەگەر لەسەر زەوی شارەوانی دروست کرابێت و تاپۆی نەبێ ئەوە دەبێ بروخێ یان بدرێتەوەبەشارەوانی ،دواتر (ش.م) کەخاوەنی دەبێ دێت و دەڵێ هی منە ،ئەویش داوای لێبوردنی لێ دەکات وئەم لاولای ماچ دەکات،شایەنی باسە کە (س.م) بەر پرسێکی گەورەیە لەکەرکوک.

* کەسێک بەناوی (ز) کەدانیشتووی گوندی(تەرجل)ە لەناحیەی قەرە مەنەن لەسەر ئەوەی کەگوایە هەندێ گوللە ئارپی جی وتەقەمەنی لەماڵەکەی گیراوە لەلایەن ئەمریکیەکانەوە فەرمانی گرتنی بۆدەردەچێت بەڵام دوای چەن جارێک چونەسەرگوندەکە (ز) ناگیریت هەتا لەهەفتەی رابردوو دەکرێتە بەرپرسی یەکەمی ئەنجوومەنی گوندەکە ئەمەیە دەڵێن هەتا (خاوەن ماڵ دزی گرت، دزخاوەن ماڵی گرت).

* بەرێوبەرایەتی پۆلیسی هاتووچۆی کەرکوک دەست بەسەر کۆمەڵێک سەیارە دەگرێت ونایداتەوە بەخاوەنەکانی .شایەنی باسە لەم ماوەیەدابەرێوبەرایەتی پۆلیسی هاتۆچۆی کەرکوک زیاترلە(١٠٠) ئۆتۆمبیلی گرتووە کەلەحەوشەی بەرێبەریەتیەکەی دایناوە بەتۆمەتی ئەوەی کە کێشەی دزیەتیان لەسەرە ،ئەوەی سەیرە ئەمەیە کەهەندێک لەو ئۆتۆمبیلانە سەنەوی فۆرمییان لەهەمان بەرێوبەرایەتی بۆ دەرکراوە وخاوەنەکانیشیان هەر ماون بەڵام بۆیان ناگەرێنەوە ودەستی بەسەرداگیراوە.